# چنینە نهێنییەکانی ناو "کەوتنی ئاسمانەکان"

**سەباح هورمز**
**لە عەرەبییەوە: لوقمان باپیر**

دوو ڕووداوی زۆر گرنگ لەو ڕۆمانەدا هەن و بە پوختەی ناوەرۆکە گێڕانەوەییەکەی دادەنرێن. ئەگەر وەرگر، یان خوێنەر بەو دوو ڕووداوە ئاشنا نەبێ و نووسەریش نەتوانێ بەو پاساوانەی ڕازی بکا، کە بۆ ئەو دوو ڕووداوەی هێناونەوە و سەلماندنیشیان لەگەڵدا نەبێ، ئەوە دەقەکە پەسەندییەکەی خۆی لەدەست دەدا و خوێندنەوەکەیشی چێژێکی نامێنێ. ڕووداوی یەکەمیان ئەوەیە، کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە «فوئاد» ئەو ڕاستییە لە « ئەڵماسی ژنی دەشارێتەوە و پێی نالێ «ئاسۆ» کوڕی خۆیەتی و ناوی ڕاستەقینەیشی «زەینەڵ»ـە، چونکە ئەو کوڕە پێش ئەوەی لە کەرکووکەوە بهێنرێتە سلێمانی، ناوی زەینەڵ بووە و کوڕی خۆیەتی و لە «یەڵدز»ی ژنی دووەمیەتی (١) و تورکمانە.

ڕووداوی دووەمیان ماهیەتی ئەو قوربانییەیە فوئاد بۆ هیوای نەوەی دەیدا، کوڕی «کوڕ و کچەکەی خۆی»، جا لە ڕێی ئەو ئارامییە دەروونییەی خۆی پێوە شۆڕکردووەتەوە و دەیەوێ بەخێوی بکا و ژیانی بپارێزێ، ئەگەرچی خۆی هۆی سەرەکیی ئەو وێرانبوونەی کەسەکانی خێزانەکەی بووە، کەچی مل بۆ ڕەنگدانەوەکانی ئەو کارەساتەی نادا، کە لەسەر خێزانەکەی ڕەنگی داوەتەوە و لە خۆی بترازێ، هەموو ئەندامەکانی دیکەی خێزانەکەی تووشی کێماسییەک کردووە.

**دەقئاوێزان:** ئەوەی جێی سەرنجە، ڕووداوی یەکەم لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا هاتووە و ڕووداوی دووەمیش لە کۆتایی ڕۆمانەکە. هەردوو ڕووداوەکەش دژ و پێچەوانەی یەکدین و دوو ئاراستەی پێچەوانەیان هەیە، ئەوجا ئەگەر ڕووداوی یەکەمیان بانگەشەی خراپەکارییە، ئەوە ڕووداوی دووەمیان چاکەخوازییە و بۆ چەندانەکردنی دژبەرییەکەیشیان بەلای پاڵپشتیکردنێکی دەروێشانەدا کێل دەکرێتەوە، کە پتر بە تەسەوف دەچێ و جووڵەی گۆرانی و سەرلەقاندنی لەگەڵدایە و بە تەقاندنەوەی داعشی پشتێنەی بۆمبڕێژکراو کۆتایی دێ، جا جوانیی ڕۆمانەکەش و توانایی بەگەڕخستنی تەکنیکەکانی ئەو دژبەرییانەی لە توێی چنینەکانی ڕۆمانەکەدایە، ئا لێرەدا دەردەکەوێ.

هەڵبژاردنی بابەتێک، یان کۆمەڵە ڕووداوێکی

گەورە، بۆ دەقێکی ئاوا درێژی دەکەوێتە دوو توێی «٣١٥» لاپەڕەی وەزیری، کارێکی هەروا ئاسان نییە، چونکە ئەو هەڵبژاردنە دەبێ بخرێتە ناو بابەت و ڕووداوی لە ڕووداوە تەوەرەییەکە گەورەتر، وەک لەو ڕۆمانەدا نووسەر هەڵەی فوئادی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی کردووەتە بابەتی تەوەری و باجێکی گرانیشی بۆ دەدا، چونکە ئەو کاتەی بە منداڵی دەیهێنێتە ماڵەوە، بە ئەڵماسی ژنی یەکەمی نەگوتووە ئاسۆ کوڕی خۆیەتی و لە ژنی دووەمیەتی، بەڵکوو دەڵێ لەگەڵ وەرگەڕانی ئۆتۆمۆبیلێکی مارسیدیسی باوک و دایکی منداڵەکەی تێدا مردوون، لە چاڵێکی دەو ڕێیەکە هەڵیگرتووەتەوە.

ئەو هەڵەیە، تراژیدیاکانی شانۆی گریکیم بەبیردێنێتەوە، بە دیاریکراویش شانۆگەریی «پاشا ئۆدیب»ی سۆفۆکلیس، کە لەوێ ئۆدیب، دوای ئەوەی باوکە پاشایەکەی دەکوژێ، دایکی خۆی مارەدەکاتەوە. دواترێ بۆی ئاشکرا دەبێ ئەو پاشایەی کوشتوویەتی باوکی خۆیەتی و کوڕەکانی ئەو پاشایەش برای ئەون، ئەوەش وای لێ دەکا خۆی سزا بدا و هەردوو چاوەکانی خۆی بە دەستی خۆی دەربێنێ و خۆی شاربەدەر بکا و دایکیشی بکوژێ.

ڕەنگە ئەو هاوسەرییە حەرامەی نێوان کوڕ و دایکی «شانۆگەریی «پاشا ئۆدیب» و ئەو هاوسەرییەی نێوان برا و خوشکەکەی لەو ڕۆمانەدایە، ئەو دەق ئاوێزانەمان بۆ ئاشکرا بکات، کە لەگەڵ ئەو شانۆگەرییەی (سۆفۆکلیس)دا هەیەتی، چونکە ئەو هەڵەیەی فوئاد، دوای هەژدە ساڵ بە دیل گیرانی لە بەندیخانەکانی ئێران، لە کاتی شەڕی عێراق و ئێران و ئەو ماوە درێژە لە ماڵەکەی دوور دەبێ، کە کچێکیشی لە ئەڵماسی ژنی یەکەمی



جەبار جەمال غەریب

دەبێ، ئیدی ئەوە، بێ ئەوەی بزانن ئەوان خوشک و بران، متووبوون و لێک نزیکبوونەوەی ئەو دوو گەنجەی لێ دەکەوێتەوە، چونکە ئەوان لە یەک شوێن «ماڵ»دا ژیاون و دواجار دەبنە هاوسەر.

ئاسۆ لە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا بەشدارە و گێڕەوەیەکە بە جێناوی «من»، گێڕەرەوەی هەموو شتزانیشە، گوایە ئاگای لە هەموو ماجەرای ڕووداوەکان و کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکەش هەیە، کەچی باسی چارەنووسی فوئادی باوکی ناکا، بەڵکوو بۆ کۆتایی ڕۆمانەکەی بەجێ دێڵێ و لە ڕێی پەنابردنە بەر دانانی هەندێ گریمانەی لە چارەنووسێکی نادیارەوە دێن، ئامانجی ئەوەیە لەهیکراپییەک بۆ وەرگر دروست بکا، وەک ئەوەی خۆی داوێتە ناو زێی دوکان، ڕەنگە بشچێتەوە ئەو جێیە ژەهراوییەی لێیەوە هاتووە.

ئەو ڕۆمانە، لەسەر ئەو تەکنیکە ئەندازەییانەی دێن دامەزراوە: دەقئاوێزان، دژبەری، تێلنیگا، یان پێشبینی، تەسەوف، پاکبوونەوە، گۆڕان، فرەدەنگی «پۆلیفۆنی» و سەرباریش فانتازیا.

* **تێلنیگا، یان پێشبینی:** وەک چۆن دەرهێنەر،

پێش دەستییەک بۆ دەرهێنانی فیلمی سینەمایی دەکا و لەوێ پشت بە هەندێ گرتەی خێرا دەبەستێ و دەیەوێ بگاتە مەبەست و مەبەستەکەیشی وێنەگرتنی دیمەنە سەرەکییەکەیە، ڕۆماننووسیش هەمان شێواز پەیڕەو دەکا، چونکە ئەو ڕۆمانەش ئەو تەکنیکانەی زۆر تێدایە، بۆیە هەوڵ دەدەم بچمە گژ یەک لەو دیمەنانە، ئەویش بەردانی فوئادە لە دیلی و گەڕانەوەیەتی بۆ سلێمانی، کە یەک لە دیمەنە هەرە جوانەکانی ڕۆمانەکەیە، ئەویش لەبەر دەستڕۆیشتوویی و توانایی نووسەر لە وێناکردنی قووڵ و ڕاستگۆیانەی هەستە لەرزۆکەکانی، کە دەگەنە ئاستی تێکەڵبوونی کارەساتە هەرە مەزنەکان لەگەڵ هەستی پاڵەوانەکە و تا دەگاتە کرداری پاکبوونەوە، واتە بە لێکدانەوەی وەرگر، کارەساتی فوئاد لە کارەساتەکانی پێشتری گەورەتر دەبێ.

ئاخر هەرکە پێ دەنێتە ناو خاکی شارەکەی چەندان بیرۆکەی دۆزەخییانە لە هەموو لایەکەوە دەوری خەیاڵی دەدەن. نیگەرانی و شڵەژان هەنگاوەکانی سست دەکەن، هێزی لە پەل و ئەژنۆیاندا ناهێڵن، وەک ئەوەی پێشبینی کردبێ، کە پێش ئەوەی بگاتە سەر کۆسپەی دەرگەی ماڵەکەی هەواڵێکی شوومی دەدرێتێ و ئەو هەواڵە، کۆڵەگەکانی ماڵەکەی دەرووخێنێ، هەموو کەسەکانی خێزانەکەیشی پەرتوبڵاو دەکاتەوە، بگرە خێزانەکەی هەر لەناو دەبا، ئەوجا ئاوا باسی ڕووداوەکان دەکا:

١- لە چوارڕیانی سەرچنار دابەزی، کۆستەرێکی ناوشار وەستا. سواربوو. بۆنی ژن، ژنی ڕاستەقینە، هاتە لووتی. ژنەکانیش گۆڕابوون. شوفێرەکەش لاجانگەکانی تەواو تاشیوە و چەند هێڵ و بازنەیەکی لێ کردووە. خەڵکانێک دابەزین و کەسانێکی دیکە سەرکەوتن. نە کەس دەناسێ و نە کەس دەیناسێ..... «ل ١٥٠».

٢- هەوە سلێمانییە! نا هەویش نییە. لە باخی گشتییەوە تا بەر مزگەوتی گەورە چاوی بۆ جەمال ڕینگۆ گێڕا، نەیدیت. شارێک جەمال ڕینگۆی لێ نەبێ، سلێمانی نییە. ل ١٥١.

٣- پیاوێک وەک شێر ڕۆیشتووە، دوای هەژدە ساڵ، ئێستا مەڕەپیرێک دەگەڕێتەوە... ل١٥٢.

٤- وەستا... لە کەلێنی دەرگاوە منداڵێک دەنگی دێت....»ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ هیوای کوڕی کوڕ و کچەکەی». ل١٥٢.

٥- نامۆیە بەو دەرگایە، نامۆیە بە بزمار و چوارچێوە و تەختەکەی...... ل١٥٢.

٦- هێمنییەک لە حەوشە و ئارامییەک لە ژوورەکاندا هەبوو، ترسا مافی ئەوەی نەبێ ئەو هێمنییە بشێوێنێ، ئەو ئارامییە لەتلەت بکا. «کێ دەڵێ من هەموو شتێک لەناو نابەم؟» ل١٥٣.

٧- ژنە تێپەڕی، کەس لە کەس، چەند هەنگاوێک تێپەڕی. ژنە وەستا. ئاوڕی بۆ ئەو پیاوە تاریکە دایەوە.... فوئاد وەستا، وەک بەرازێک وەستا کە نەتوانێ ئاوڕ بداتەوە. ژنەکە نزیکتر بووەوە، هاواری کرد:

فوئاد. خەڵکینە خودا فوئادی بۆ ناردوومەوە. ل١٥٤.

٨- هەرچەندی لە کانێسکان نزیکتربووایەوە، ئەژنۆکانی شلتر دەبوون.

جا ئەگەر دووبارە ئەو ئاماژانە بخوێنینەوە کە هاتوونەتە بەرچاوی و پێشبینی ئەوەی کردووە ڕوویدەن، لەو هۆیانەش بکۆڵینەوە کە لەو کاتەی بەرەوماڵ دەبێتەوە بوونەتە مایەی پەشێوی و نیگەرانی، بۆمان دەردەکەوێ گۆڕانی یەکەم هەر بەسەر ژنانی شاردا نەهاتووە، بەڵکوو ئەو شوفێرەیشی گرتووەتەوە کە

پاسەکە لێ دەخوڕێ، وەک چۆن ئەو هیچ کام لە سەرنشینەکانیش ناناسێ و کەسیش ئەو ناناسێ. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە ئەو کەسێکی غەوارەی شارەکەیە، کام شاریش، ئەو شارەی لە منداڵیڕا تێیدا گەورەبووە و پێراگەیشتووە. دووەمیان ئەو سۆزەی بۆ دیدار و دیدەنی کەسایەتییە ناسراوەکانی شارەکەی هەیە وەک جەمال ڕینگۆی شێت و هەتیوباز. سێیەمیان لەبەر لاوازی و بێ توانایی خۆی. چوارەمیان لە منداڵە بیژووەکە و پێنجەمیان گۆڕانی بۆ کەسێکی دیکەی جیاواز لە پێشتری و شەشەمیان کە ئەو بەختەوەرییەی باڵی بەسەر ماڵەکەیدا کێشاوە دەگۆڕێ و دەبێتە کڵۆڵی و نەهامەتی و حەوتەمیشیان ئەو دەرەنجامە کارەساتبارانەی دوای شەڕ پەیدادەبن و وادەکا ژن و مێردێک یەکدی نەناسنەوە، هەشتەمیش کە ڕاستی و بگرە ناڕاستیی ئاماژەکانی لە گومانەوە دەبنە یەقینێکی بێ پێچوپەنای ئەوەتا مەترسییەکە بەڕێوەیە و چاوەڕێی دەکا.

* **دژبەری:** یەک لە قورسترین تەکنیکەکانی ڕۆمان، تەکنیکی دژبەرییە و لە هەمان کاتیشدا جوانییەکان لە هەموو تەکنیکەکانی دی پتر دەردەخا، ڕەنگە لەبەر قورسییەکەی و ئاسان بەدەستەوە نەهاتنی بێ کە زۆربەی ڕۆماننووسەکان خۆی لە قەرە نادەن، نەخاسمە ئەوانەی تاقیکردنەوەیەکی دوورودرێژیان لەگەڵ ئەو جۆرەی ڕۆمان نییە.

بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە تەنیا کار لەسەر ئیستێتیکای دەق ناکا و بەس، بەڵکوو کار لەسەر دنەدانی ململانێی نێوان کەسایەتییەکان و گۆڕانکاریی ڕووداوەکانیش دەکا و سەربار پێکهاتەی لەهیکڕایی و گەپجاڕی و هەڵوێستە کۆمیدییەکانی مایەی گریان و پێکەنینن، دێنێتە گۆڕێ «واتە کۆمیدیای ڕەش».

نووسەر، بەو شێوازە، لە زۆر جێی ڕۆمانەکەدا کاری لەسەر ئەو تەکنیکە کردووە، بەڵام دیارترین جێ لە کۆتایی ڕۆمانەکەدایە، ئاسۆ قەفەزێکی «ڕاکەوێکی» کانزایی بە دەستەچەپەوە و دوو کۆتری تێدایە و بەدەستی ڕاستیشی دەست بە قوماشەکەی سەر پشتوێنە بۆمبڕێژکراوەکەیدا دێنێ، واتە لەلایەکەوە بانگەشەی ئاشتی دەکا و لە لایەکیشەوە لە هەوڵی کوشتنی خەڵکە بێ تاوانەکەیە، بەڵام ئەو دژبەرییە، ئەگەر لەگەڵ مەرەدی ئەوەی پێکیان بگرین کە «خەیبەر»ی تیرۆریست ئەو دوو کۆترە بە ئاسۆیدا بۆ ئەو پیاوە دەنێرێ وا لای کۆتربازەکان چاوەڕێی دەکا، ئەوە بە دژبەرییەکی لاواز و بێ هێز دێتە بەرچاو، چونکە پێشتر بەڵێنی دابوو، دوای ئەوەی پشتوێنە بۆمبڕێژکراوەکە بەخۆدا دەتەقێنیتەوە، بیانکاتە دیاریی ئەو نەوە منداڵەی خۆی کە لە بەهەشت چاوەڕێی دەکا.

لێرەدا، نووسەر هەوڵ دەدا ساختە و کەڵەکی تیرۆریستان ئاشکرا بکا، ئەوکاتەی دەیانەوێ خەڵکە سادە و ساویلکەکە فریو بدەن و لەوەشدا پشت بەوەی دەبەستن گوایە ئەو بڕوادارانەی لەسەر گۆی زەوی دەژین پێوەندییەکی پتەویان لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەیە کە خۆیان بە کافراندا تەقاندووەتەوە و ئەوان ئێستا لە بەهەشتێ لەناو حۆرییەکانیان تەڕاتێنیانە.

جا ئەوکاتەی «ئەبوو دوجانە» قسە بۆ ئاسۆ دەکا، ساختە و کەڵەکانیان پتر دەردەکەون، ئەوەتا پێی دەڵێ: «هەر ئەو کاتەی ئەرکەکەت جێبەجێ دەکەی، جەنابی موفتی دەست بۆ ئاسمان بەرزدەکاتەوە و نزات بۆ دەکا. ئەو وەک نوورێک بەسەر سەرتەوە وەستاوە. با دڵت لای ئەو بێ».

فیڵ و کەڵەکی هەرە بە ئازار و سەمەرە

و گەپجاڕ، ئەوەیە کە هەردوو کۆترەکەش دەچنە بەهەشت، یان خوێنەر لە قسەی نێوان ئاسۆ و خەیبەر ئەوەی بە خەیاڵدا دێ. کە ئاسۆش لێی دەپرسێ داخوا کابرای ڕیش درێژ بۆ چاوەڕێی دەکا، ئەو پرسیارەی دەمانباتەوە سەر ئەوەی بپرسین: ئەرێ دوو کۆترەکەش، ئەگەرچی هەردووکیان ئاماژەی ئاشتین، وەک ئاسۆ بوونەتە داعش؟!

ڕەنگە ئەو دەستەواژەی کۆترەی لە بەرایی ڕۆمانەکە و لەو دەربڕینەدا هاتووە: «دەشێ کۆترێک بتوانێ دەنووک لە گومبەزی ئاسمان بدات و کونی بکا، بەڵام بەرنامەکەی ئەوی پێ هەڵناوەشێتەوە»، ڕاستیی ئەو بۆچوونەمان بسەلمێنێ، واتە کۆتر دەتوانێ بگاتە شوێنە هەرەدوورەکان، بەڵام ناتوانێ بەرنامەکەی خۆی پەک بخا و بەتاڵی بکاتەوە کە ئاشتییە، ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ ئەو ئاشتییەی لە ناخی ئاسۆدا ڕەگی داکوتاوە، لەسەر ئەو بنەمایە، نووسەر دێ و سەرەتا و کۆتایی ڕۆمانەکە پێک دەگرێ و هەر لە دێڕەکانی بەراییڕا ڕایدەگەیەنێ کە تەقاندنەوەی پشتوێنەکە سەرکەوتوو نەبووە و ئاسۆ نەیتوانیوە بیتەقێنێتەوە.

کە دوای ئەوەی دایکی، چونکە شووی بە فوئاد کردووە و ئەویش بە نەتەوە کوردە، بە هاندان و دنەدانی برایەکەی لەلایەن خزمەکانییەوە دەکوژرێ، ناوەکەی لە زەینەڵەوە دەکرێتە ئاسۆ و لە کەرکووکەوە دەبرێتە سلێمانی، ئەوەیش هەر دووپاتی دەکاتەوە کە مەحاڵە ئاسۆ خۆی بە خەڵکی بێتاواندا بتەقێنێتەوە، لەبەر هۆیەکی زۆر سادەش کە ناوەکەیەتی، واتە ئاسۆ. ناوەکەیشی سووسەی ئەو مەحاڵبوونەمان دەداتێ.

ئەو دژبەرییە، خۆی لە کەسایەتیی «زوڵەیخا»ش دەردەخا، چونکە لەلایەکەوە سووسەی ئەوەی دەدا بڕواداره، جلی داپۆشراو و ئەستوور و بەرین لەبەردەکا و پەچەیەک ڕووی دادەپۆشێ. لەلایەکی دیکەوە دەنگی ژنێکی هەوەسبزوێنی هەیە، یان وەک گێڕەرەوە دەڵێ «دەنگی بە ئەقڵی پیاوانەوە دەدا» هەر لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێ: «نێرینەکان نەیاندەتوانی لێی نزیک ببنەوە، چونکە هەر لە دووڕا دادەڕووخان و ئەژنۆیان شل دەبوو».

* **هۆیەکانی هەڵەی فوئاد:** بەپێی ئەو بیانگانەی لە تێڕوانینی تایبەتی خۆیەوە خستوونیەتەڕوو، لەو خاڵانەی دێن کۆدەبنەوە:

١- دەمویست هەموو شتێک بە ئەڵماس بڵێم، بەڵام لە ساتێکی گونجاو دەگەڕام.

٢- دەبێ قسە بکەم، ناکرێ تا ماوم هەر لەسەر درۆ بژیم.

٣- دەمویست، پێش ئەوەی بنێردرێمە بەرەکانی شەڕ، ڕاستییەکە بە یەڵدز بڵێم، پێی بڵێم ئەڵماسێکی دیکە لە ژیانمدا هەیە، بەڵام کە ئەو بەو دووگیانییەوە بوو، غیرەتی گوتنی ئەوەم لە کوێ بهێنابا.

٤ - دەمویست درۆیەکە تا کاتێکی دی پەردەپۆش بکەم، تا ئەو کاتەی دەتوانم پتر بمێنمەوە و بۆم هەڵدەکەوێ کێشەکان چارەسەر بکەم، بەڵام دەمزانی وەک دیکۆر لە شوێنێکم و دڵیشم لە شوێنێکی دی لێ دەدا.

٥- کام لایان هەڵبژێرم و کامیان بەجێ بێڵم؟ من ئامادە نەبووم تاڵەمووەیەکی ئازیزانیشم لەدەست بدەم.

تۆ بڵێی تاچەند لەو پەڵپ و بیانگانەی ڕاستگۆ بووبێ، کە بێگومان لەوەندە بیانووەش پترن، بەڵام خۆ لەو هەڵە کارەساتبارە دەبوێرێ کە تێی کەوتووە، منیش بەپێی ئەو پێکهاتە کەسایەتییەی لە ڕۆمانەکەدا هاتووە، هەوڵ دەدەم قسەی لەسەر بکەم.

سەیر لەوەدایە، سەرباری ئەو وێرانییەی تووشی خێزانەکەی کردووە، وەرگر، چۆن هاوسۆزی ئۆدیب بووە، ئاواش هاوسۆزی فوئادە.

ڕەنگە ئەو ڕێچکەیەش بمانباتەوە سەر ئەو پرسیارە: تۆ بڵێی ئەو هاوسۆزییە لەبەر ئەوەی بێ چونکە دیلییەکەی لە شەڕی عێراق و ئێران هەژدە ساڵی خایاندووە و ئەوەش وای کردووە بکەوێتە هەڵەیەکەوە کە لێخۆشبوونی نییە؟

بێگومان، بیانگەکانی، ئەگەر کەمیش بن، پەسەندییەکان تێدایە، بە بەڵگەی ئەوەی سەرباری دیلبوونەکەی، ئەڵماس زۆرجاران بەبەرچاوی خەڵکەوە یاخەی ڕاهەژاندووە و پێی گوتووە: «فوئاد، چیت بەسەرهاتووە؟، وەرەوە سەرخۆت. پێم بڵێ ئەو منداڵە کێیە؟ لەکوێت دۆزیوەتەوە؟ ئەگەر دۆزیوتەتەوە با بچین بانگەوازی بۆ بکەین، ئێستا دایکی لە خەمیدا شێت بووە». ل٢٠٢.

وەک دیارە، ئەویش غەمی هەیە و ئازاردەکێشێ، لە هەمان کاتیشدا حەزدەکا ڕاستیی ئاسۆ ئاشکرا بکا، بەڵام ترس و بەرگەنەگرتنی دەرەنجامەکان، پەلبەستی دەکەن، لەجیاتیی ئەوەی بە ڕووی ژنەکەیدا بتەقێتەوە، کە لەبەردەم خەڵکەکە یەخەی گرتووە و دەیهەژێنێ، دێ و خۆی تاوانبار دەکا و سەرکۆنەی خۆی دەکا: «بۆ ئەو پاساوە ترسنۆکانەم، دەمویست کەسێک هەبێ و سەد شەقم تێهەڵدا». ل ٢٠٤. واتە ئەو سەرباری ئەوەی لە چارەسەرکردنی ئەو کارەساتەی تێی کەوتووە ڕاستگۆ نییە و پێش لە دەستدەرچوونیشی چارەی ناکا، کەچی لە هەمان کاتدا باسی ڕاستگۆیی خۆی دەکا، دێ خۆی تاوانبار دەکا «ئەوەش دژبەرییە». بە واتایەکی دی، ناڕاستەوخۆ داوای لێ دەکا تەنیا بە یەخەگرتن و ڕاهەژاندنی واز نەهێنێ، چونکە ئەوەی دەرهەق بە خۆی پێ کەمە، بەڵکوو پێویستبوو سەد زللەیشی لێ بدابا.

چەندی باوەڕ بەوەیە دەبێ ڕاستیی ئاسۆ و هێنانی «یەڵدز» بۆ ئەڵماسی ژنی باس بکا، ئەوەندەیشی باوەڕ بەوەی نییە خۆی بەو ئەنجەتە بێ بنەمایانە ڕازی بکا کە خۆی لە پشتیان شاردووەتەوە و بە تاکە کۆسپ و تەگەرەی ئاشکراکردنی ڕاستییەکانیان دادەنێ.

دوو هۆکار وایان لێ کردووە بێ متمانە بێ، یەکەمیان هۆکارە بابەتییەکەیە، واتە شەڕ. دووەمیان هۆکارە زاتییەکەیە، واتە پێکهاتەی کاسایەتیی خۆی. ئەگەر هۆکاری دووەمیان بە ڕوون و ئاشکرا دیاربێ، کە لە پێنج ئەنجەتەکانی پێشتریێ باسیان کرا، ئەوە هۆکاری یەکەم، سەرباری ئەوەی شەڕ بەشێکی باشی لاپەڕەکانی ڕۆمانەکەیشی داگیرکردووە، کەچی هۆکارە زاتییەکە بەشێوەیەکی شاراوە و شەرمنانە لەسەر ڕووی ڕووداوەکان دەردەکەوێ.

هۆکارە زاتییەکە لە ئەنجەتی پێنجەمی کۆتایی ئەنجەتەکاندایە و کەسایەتیی ڕاستەقینەی ئەو دەردەبڕێ، یان ئەو هۆکارە ڕاستەقینەیەیە لێی ناگەڕێ ڕاشکاوانە بە ئەڵماسی ژنی بڵێ ئاسۆ کوڕی خۆیەتی و لە ژنی دووەمیەتی، ئەوەش بە دیاریکراوی لەو دەستەواژەیە و هەندێ دەستەواژەی لابەلای دیکەیدا دەردەکەوێ: «کام لایان هەڵبژێرم و کامە لایان لەدەست بدەم، من ئامادەنەبووم یەک تاڵەمووی ئازیزانم لەدەست بدەم»، ئاخر ئەو هەردووکیانی ئاشقانە خۆش ویستووە و زۆریشی ئازار بەدەست ئەشقەکەیانەوەیە کێشاوە، نەخاسمە خۆشەویستیی دایکی ئاسۆ «یەڵدز»، کە برایەکەی ڕازی نەبووە شووی پێ بکا، ئەوەش وای کردووە کەمەندکێشی تورکمان و شیعەیش ببێ، کە ئەو کەمەندکێشییەی تەنیا ڕەنگدانەوەی ئەو خۆشەویستییەی بووە.

هەرچی ئەو هۆکارە بابەتییەیە، کە لە پێچەڵپێچی

دێڕ و لاپەڕەکانی ڕۆمانەکەدا شاراونەتەوە، ئەوە لە دەرەوەی ئیرادەی ئەودایە، ئاخر لێزانترین سیاسەتمەدارانی دنیاش، پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد شەڕی عێراق و ئێران هەشت ساڵ بخایەنێ و ماوەی دیلییەتیش هەژدەساڵ درێژ ببێتەوە، ئەوجا لەبەر ئەوە کاریگەری و جێکەوتەی شەڕ لەسەر بڕیاری ئەودا چەند جاران لە کاریگەریی هۆکارە زاتییەکەی پتر بووە، ئەوە ئەگەر کاریگەریی شەڕ هۆکاری یەکلاکەرەوەش نەبووبێ، ئەوە ئەگەر بەڵگەی شتێک بێ، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە ئەو هەڵەیەی تێی کەوتووە تەنیا ئەوزارێکە، هەرچی شەڕە، ئامانجە. بە واتایەکی دیکە شەڕ هێز و پاکانەکانی لە هەڵە وەردەگرێ، بەو ئامانجەی ناڕەزایی و ڕەزاقورسیی شەڕ و ئەو وێرانییەی لە ژێرخانی کۆمەڵگەدا بەجێی دێڵێ ئاشکرا بکا.

* **باپیر و نەوە:** ئەگەر سۆفۆکلیس، لە شانۆگەریی «پاشا ئۆدیب»یدا، پەنای بۆ میل لێدانی چاوی ئۆدیبی پاڵەوانی شانۆگەرییەکە و کوشتنی دایکی ئۆدیب بردبێ، کە لە هەمان کاتیشدا ژنیەتی، ئەوە جەبار جەمال غەریب بە ئەنقەست وادەکا فوئادی پاڵەوانی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، دوای لە دیلی بەردانی و گەڕانەوە ماڵ و زانینی ماجەرایەکان، لەبەرچاوان واڕی بێ و دیارنەمێنێ، تەنیا ئەوکاتە دەردەکەوێتەوە کە ڕۆمانەکە لەسەر تەواوبوونە. بە واتایەکی دی، ئەگەرچی وەرگر، یان خوێنەر، دەزانێ ئاسکۆڵی کچی شێت بووە و ئەڵماسی ژنیشی وەک لانەوازان بە هەموو لایەکی وڵاتدا دەگەڕێ و نە دەتوانێ قسە بکا و نە کەس دەناسێتەوە، تەنانەت فوئادی مێردیشی، کەچی دوای کارەساتی گەڕانەوەی فوئاد، نازانێ چیی بەسەرهاتووە و ڕووی لە کوێ کردووە، چۆنیش نەوەکەی بەخێوکردووە، تا دواتر پێکەوە لە مەیدانی کۆترفرۆشان دەردەکەونەوە.

بە چاوپۆشی لەوەی نووسەر مەبەستی لەو دەرکەوتنەوەیەی باپیرە و نەوەکەی هەیە و تا لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا لەهیکڕاییەک بۆ وەرگر دروست بکا، لە ڕێی ئەو دوو کارەکتەرەیەوە ویستوویەتی، نەک تەنیا دەنگی گەلی کورد، بەڵکوو دەنگی گەلی عێراقیش بگەیەنێتە دنیا. پێیان بڵێ داعش تەنیا تینووی خوێنی عەرەبان نییە، بەڵکوو تینووی خوێنی کورد و شیعە و هەموو نەتەوە و ئایینەکانی دیکەی عێراقیشە، بگرە تینووی خوێنی ئەو بوونەوەرە بێ گوهانەشە، کە ڕەمزی ئاشتین. ئەو پێوەندییەش دووپات دەکاتەوە کە لە نێوان کورد و تورکماندا هەیە، ئەوەش لەگەڵ ئەو ئەشق و شەیداییەی ڕێکدێتەوە کە بۆ ژنە تورکمانەکەی هەیە «یەڵدز». ڕەنگە سەرسامییەکەی ئەوی کورد، بۆ تورکمان، نموونەی هەرە باڵای ئەو پێوەندییە بێ، نەخاسمە سەرسامییەکەی بۆ عەبدوڵڵا ئەفەندیی خەزووری و بۆ خەسووەکەیشی.

ئەو دەرکەوتنە لەهیکڕایە مەبەستێکی دیکەی دەست ئەنقەستیشی هەیە. وەک دەریشدەکەوێ لەوەی یەکەمیان گرنگترە، پێوەندیشی بە کێشەی کەرکووکەوە هەیە، چونکە فوئاد ئەو کچە تورکمانەی هەر لەخۆڕا هەڵنەبژاردووە و خۆشی نەویستووە، یان بێ مەلامەت نەبووە، ئەو بۆیە خۆشی ویستووە، چونکە ڕەمزێکە بۆ شاری کەرکووک و لە هەمان کاتیشدا کەرکووک خەونی کوردانە، تا لەگەڵ تورکمان و شیعە و سوننە بە ئاشتی و برایەتی لەو شارەدا بژین، چونکە بەشێکە لە هەرێمی کوردستان.

گەیشتنە ئەو مەبەستدارییە، بۆ تێگەیشتن ئەوەندە گران نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە لەوپەڕی ئاسانیدایە، بەڵام بەو مەرجەی دوو مەرجەکەی پێشتر بەدی بهێنرێن، ئەویش لە مانای ناوی باپیرە و مانای ناوی نەوەکەی، واتە فوئاد و هیوا، کە فوئاد بە کوردییەکەی مانای

دڵ دەدا و هیواش هیوایە، جا دەشزانین ئەرکی یەکەمیان ئاشقبوونە و ئەوەی دووەمیشیان ئاواتی بەرەو دواڕۆژە.

چونکە فوئادیش، وەک کەسێکی سەر بە نەتەوەی کورد، نە بۆ ژنە تورکمانەکەی و نە بۆ ژنە کوردەکەیشی و وەک لێکدانەوەیەک بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک، لە ئەشقەکەی سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە ئەو دەبێتە نوێنەری نەوەی کۆن، هەرچی هیوایە، بە پێچەوانەی ئەو نەوەیەی باپیری تێدایە و لەبەر ئەوەی خوێنێکی کوردی و تورکمانی و شیعە و سوننەی تێدا کۆبووەتەوە، ئەوە سەرباری ناوەکەی، کە هیوایە، نموونەی نەوەی نوێیە و هیوای هەموو پێکهاتەکانیشە، دەتوانێ، لە ڕێی سوود وەرگرتن لەو هەڵانەی نەوەی پێشتری کردوویانە و بە وەلانانی بیرۆکەی تایەفەگەری و هەموو بۆچوونێکی شۆڤێنیی ڕەگەزپەرست، بەوپەڕی نەرمی و هێمنییەوە کێشەی کەرکوک چارەسەر بکا. بۆ دووپاتکردنەوەی ئەوەش، ناوی کەرکوک لە ڕۆمانەکەدا سێ جار دووبارە دەبێتەوە و بەو شێوەیەی خوارەوە:

١- ئاسۆ: کەرکووک، هێی ئاوازەکەی دڵم، ئێستا کەرکووک ڕووگە و ماوای منە، ڕووگەکەم نوقمی خوێن و ئاگرە، بەو دڵە بچکۆلەیەمەوە بۆ کێتان بەجێ هێشتم؟ بەو قاچە چکۆلانە و بەو سینە ناسکە لاوازەمەوە.

٢- فوئاد: کەرکووک، بۆ فوئاد، تەنیا شاری نەوت نەبوو، بەڵکوو شاری ژیان و مردن بوو، کەرکووک بۆ ئەو یەڵدز بوو، کەرکووک بۆ ئەو ئەشق و سێدارە و دۆزەخ بوو.....

٣- فوئاد: سەردەکەوم. بە ئاسانیی دەرهێنانی دڵ لە ڕۆبۆتێک کەرکووک بەجێ دێڵم، وەک ئەوەی بۆ هەمیشە جێی بهێڵم، وەک ئەوەی بۆ هەمیشە کارم بە دڵم نەمابێ. بۆ هەمیشە لەبیر بچێتەوە، وەک ئەوەی جاجمێک بە سەرچاوی مردوویەکدا هەڵکێشم.

*** تەماهیی تەکنیکەکان:** ڕۆمانەکە، چۆن بە کۆتران دەست پێ دەکا و بە گۆڕان و پاکبوونەوە کۆتایی دێ، ئاواش بە تەسەوف دەستی پێ کرد و بە گۆڕان و پاگژبوونەوە کۆتاییهات، واتە کۆترەکان و تەسەوف نیشانەی ئاشتین، هەردووکیان دەگەنە یەک ئامانج و مەبەست، ئەویش گۆڕانە، بۆیە هەرچوار تەکنیکەکە تەماهیی یەکدین، نەخاسمە هەردوو تەکنیکی گۆڕان و پاگژبوونەوە بەرانبەر تەسەوف و ئاشتی، چونکە هەریەک لەو دووانە دووجاران لەبەرانبەر گۆڕان و پاکبوونەوەدا دووبارەدەبنەوە.

ئەگەر زۆربەی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە دەگۆڕێن و پاک دەبنەوە، ئەوە تەنیا کەسایەتیی ئاسۆ، جودا لە هەموو کەسایەتییەکانی دیکە، دووجاران دەگۆڕێ و پاکدەبێتەوە. یەکەمین گۆڕانی ئاسۆ ساتی داڕووخانی فوئادی باوکییەتی لە بەرانبەر هاوسەرگیرییەکەی کوڕ و کچەکە و دەڵێ «با بزانێ ژیان بۆ ئەو ئیدی تام و چێژێکی نەماوە، ناکرێ لە فوئادیش بەختەوەرتر بێ»، ئیدی پەنا دەباتە بەر خواپەرستە ڕەشەکەی مزگەوت. دووەمین گۆڕانیشی ئەو کاتەیە کە فوئادی باپیر، لە مەیدانی کۆتران «جێی تەقینەوەکە»، هاواردەکاتە هیوای نەوەی و بانگی دەکا، بەڵام بێ ئەوەی ئاگای لە ئاسۆ بێ کە هەردوو کۆترەکەی لە ڕاکەوێکدا «قەفەز» بەدەستەوەیە و باپیرەکە دەڵێ: «هیوا وەرە، ئەوە تۆ لەکوێی؟ ئەوە کۆترەکانیان بۆ هێناوی».

ئاسۆ، لە دیتنی هیوای کوڕی سەرسام دەبێ. یان وەک گێڕەرەوەی بابەتی دەڵێ: «دڵی ڕاچەنی، زمانی لەگۆ کەوت، گەرووی وشک بوو. لەبیری چوو نوورێکی بەسەر سەرەوەیە. لەبیری چوو ئەو خۆ هەڵدەداتە سەر باڵی

فریشتان. بەلاداهات و خەریکبوو بەربێتەوە سەر زەوی. لەبیری چوو دەبێ ئەو خەڵکە هەلاهەلا بکا کە بە دێو و دڕندان دەچن»، واتە ئاسۆ ئەو ڕێنوێنییانەی لەبیرچوو کە موفتی، پێش تەقاندنەوەی پشتوێنە بۆمبڕێژکراوەکە، دابوویە، ئەوجا کە «خوبەیب»ی تیرۆریستی هاوالّی ئاسۆی کردبوو، هەستی کرد ئاسۆ، لەبەر لەباوەشنانی دوو کەسی نەیدەزانی کێن، لە جێبەجێکردنی کارەکە پاشگەزبووەتەوە، ئیدی بەو دەستەی لە گیرفانیدابوو پەنجەی بە دوگمە سوورەکەوە نا، لەگەڵ جووڵاندنی دەستیشی گوێی لە گرمەیەک بوو لەناو حەشاماتی خەڵکەکەوە هات، گرمەیەک هەموو لایەکی هەولێری لەرزاندەوە.

چۆنیش گۆڕان لە زۆربەی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەدا ڕوودەدا، هەر ئاوا، پاکبوونەوەش لە زۆربەی کەسایەتییەکان ڕوودەدا، چونکە گۆڕان و پاکبوونەوەش دوو ڕووی یەک پارەن، ئیدی هاوێرکردن و جوداکردنەوەیان لە یەکدی ئەستەمە، بەتایبەتیش لەو ڕۆمانەدا، چونکە هەردووکیان تەماهیی یەکدین؛ هەردووکیان بەدوای یەکدیدا دێن. بە واتایەکی وردتر، ئەگەرچی زۆرجاران گۆڕان وەپێش پاکبوونەوە دەکەوێ، کەچی هەم ڕوودەدەن و هەم کارلێکیشیان لەبەینێدا هەیە. ئالێرەدا و لەو تەماهییەیدا، دەردەکەوێ نووسەر، لە ڕێی وەلانانی زمانی پەخشان و تەشەنەپێکردنی زمانی شیعری، خەریکە کار لەسەر دروستکردنی ئیستێتیکای دەق دەکا. بۆ نموونە، وەک لەو گوزارشتەدا دەردەکەوێ: «هەر هێندەی فوئاد سەری هەڵبڕی و چاوەکانی یەکانگیری چاوەکانی ئاسۆ بوون، گوێی لە تەپاوتلی دڵی خۆی بوو و دەیگوت: زەینەڵ، واتە «ئاسۆ»، هەمان چاوەکانی یەڵدز»، واتە هەمان چاوەکانی دایکی هەیە.

سەرباری ئەوەی نووسەر، بە کاریگەری ئەوەی دەیەوێ لە مەینەتیی هەڵەی باوکی بێتەدەرێ، یاریی پاککردنەوەی ئاسۆ و مێشک شۆردنەوەکەی لەسەر دەستی داعش دانایانە داڕشتووە و وەهای دەردەخا کە کینە لە دڵی هەموو مرۆڤایەتییە و دەیەوێ دنیا وێران بکا، هەڕەشە لە ژنە فاحیشەکان، بەتایبەت گوناهبارەکان دەکا و دەڵێ گوایە خەڵکە بۆگەنەکە ونجڕ ونجڕ و پارچە پارچە دەکا، کەچی ئاسکۆڵ لەخەودا دەبینێ و لەو خەوەدا سەرجێیی لەگەڵدا دەکا، بەڵام دواتر ڕوون دەبێتەوە ئەوە ئاسکۆڵ نییە، بەڵکوو زوڵەیخایە، ئەوەش بەراییەکە بۆ ئەوەی بزانین پاکبوونەوەکەی ڕاستگۆیانە نییە، بەڵکوو گۆڕانێکی یاخییانەیە بەرانبەر باوکی و پاڕانەوەیەکە لە خودا و پابەندییەکە بە ڕێوشوێن و نەریت و عورفەکانی ئایینی ئیسلامەوە، ئەویش لە ڕێی پەنابردنە بەر مزگەوت. ئەو خەونە نامەیەکە و ئاراستەی وەرگر «خوێنەر» دەکرێ کە ئاگاداربە ڕۆمانەکە ئاوا کۆتایی دێ، چونکە کە خەونەکەی بۆ خواناسەکە دەگێڕێتەوە، پێی دەڵێ: «ئای لە ڕەنجی بە خەسارچووم، هەرچیی ئێمە لەگەڵ تۆدا کردمان، شەیتان تێکی دا». لەجیاتیی ئەوەی پشتوێنە بۆمبڕێژکراوەکە بتەقێنێتەوە، هیوای کوڕی لەباوەش دەگرێ، بە لێکدانەوەی ئەو کارەش، مانای وایە شاری کەرکووک لە باوەش دەگرێ، هیوای نەوەیەکی نوێ، ئەو شارەی لە سایەی خۆیدا کورد و تورکمان و شیعە و سوننەی لەهامێزگرتووە.

* **فانتازیا: دەستەواژەی فڕین،** شەش جاران لە ڕۆمانەکەدا دووبارەدەبێتەوە، چوارجاران لەسەر زاری ئاسۆ و جارێک لەسەرزاری کەسایەتییەکی پەراوێزی «عەللاوی» و جارێکیش لەسەرزاری فوئاد، بەڵام ئەوەی لێرە بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە، کە لەسەر زاری ئاسۆ و فوئاد هاتووە، چونکە ئەوان

کەسایەتیی سەرەکی و کۆڵەگەی ڕووداوەکانن.

جاری یەکەمیان، دەستەواژەکە لە سەرەتای ڕۆمانەکە و لەسەر زاری ئاسۆ دەگوترێ و بە دیاریکراویش لە لاپەڕەی پێنج و لەو کاتەی، بە دڵخۆشییەوە بۆ خۆتەقاندنەوە، بەرەو مەیدانی کۆترفرۆشان بەڕێوەیە و بای لاقانی دەدا و هیچ کەسیش لەوانە نابینێ کە تووشیان دەبێ، بگرە درەخت و گوڵەکانیش نابینێ، چونکە بیرکردنەوەی تەنیا لەسەر ئەو ساتەیە کە سواری ئەو هەورەی دەبێ، وەک موفتی پێی گوتووە، بە پارانەوەوە خۆی بەرانبەر هەتاو ڕاخستووە، بۆیە: «گەز گەز باڵا دەکا و دەفڕێ»، تا لێرە کرداری گۆڕان و کرداری پاکبوونەوە، بەشێوەیەک تەماهیی یەکدی ببن کە جیاکردنەوەیان ئەستەم بێ و ئیدی دەبێتە فانتازیا.

ئەو دەستەواژەیە، جاری دووەمین لەسەر زاری فوئادی دەگوترێ، چونکە یەڵدز بە ئۆتۆمۆبیلەکەی ئەو لەگەڵ دایکی دەچێتە لای دوکتۆرێکی خزمی فوئاد. دەستەواژەکەش لە بڕگەیەکی پێنج دێڕیدا چوارجاران دووبارە دەبێتەوە، تا لەو ڕێیەوە دەریبڕێ چ ئەشقێکی شێتانەی بۆ یەڵدز هەیە، تەماهییەک، یان بابڵێین پێکداچوونێک لەنێوان شێوە و ناوەڕۆک دروست دەکا، کە دووەمیان لە ڕێی شێتییەوە و یەکەمیشیان لەڕێی فانتازیاوەیە.

دەستەواژەکە جاری سێیەمینی دیسان لەسەر زاری ئاسۆوە دێ، بە هەمان شێوەی لە جاری یەکەمیشدا هاتووە. لەوێ بەهیوای فڕین بەرەو بەرزایی، بەرەو بەرزاییەکی بێ کۆتایی، تەمەننای شەهیدبوون دەکا، واتە هەڵکشان بەرەو ئاسمان. هەمان شتیش بۆ جاری چوارەم و پێنجەم دروستە.

* **دووبارەبوونەوە:** دووبارەبوونەوە، بۆ پتەوکردنی بنیادی دەق، لە دەستەواژەیەک، یان دەربڕینێکەوە دێ، بۆیە گرنگی ئەو تەکنیکە، ئەگەر کاریگەرییەکەی لە تەکنیکەکانی دیکەش زیاتر نەبێ، ئەوە تەریب و هاوتایەتی. ئەو کاریگەرییەش، ئەوکاتە دەبێتە چەند ئەوەندە کە پەیوەستی ئەو هەستە دەروونییە دەکرێ وا لە ناخی کەسایەتییەکاندا پێچ دەدا و لە هەمان کاتیشدا قووڵترین هەستی خەفەبووی ناخیان دەردەبڕێ. بۆ نموونەش ئەو دەربڕینانەی خوارەوە:

١- زەینەڵ، تۆ بە ئاسۆ بانگی بکە.

٢- ئەویش ئازاری برینێکی قووڵ دەکێشێ.

٣- ئەی بە نەفرەت بی زوڵەیخا.

ئەوەی جوانیشە ئەوەیە، دەربڕینەکەی یەکەمیان، کە لە بەرایی ڕۆمانەکەدا هاتووە، بە ناوی زەینەڵ دەست پێ دەکا و بە ناوی ئاسۆ کۆتایی دێ، لە کۆتایی ڕۆمانەکەش، بە ناوی ئاسۆ دەست پێ دەکا و بە ناوی زەینەڵ کۆتایی دێ؛ ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەو هەڵەیەی فوئادی تێکەوتووە، کوڕ و کچەکەی ژەهرەکەی دەخۆنەوە، کوڕەکەی لە ژنە تورکمانەکەی و کچەکەی لە ژنە کوردەکەی، هۆیەکەش ئەو هاوسەرییە حەرامەی نێوانیانە. بە لێکدانەوەی کورد و تورکمان و شیعە و سوننەش، ئەوە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ هەڵەی ئەو چوار پێکهاتەیە، بە تایبەتیش کوردەکە، کە هەوڵی چارەسەری کێشەی کەرکووکیان نەداوە. بە واتایەکی دیکە، گێڕانەوەی ناوی کوڕی ژنە تورکمانەکەی فوئادە بۆ ناوە ڕاستەقینەکەی، کە زەینەڵە و ئاسۆ نییە. ئەو دەربڕینەش چوار جار دووبارە دەبێتەوە.

هەرچی دەربڕینی دووەمە «ئەویش ئازاری برینێکی قووڵ دەکێشێ» سێ جار دووبارەدەبێتەوە. جاری یەکەمیان لەسەر زاری ئەڵماس دەگوترێ: «ئەوەش هەر بەجێهێشتنە»، مەبەستیشی دووریی مێردەکەی و دیل بوونیەتی لە بەندیخانەکانی ئێران. دووەمیشیان ئەو برینە دەروونییەیە کە زوڵەیخا پێیەوە دەناڵێنێ، کە ڕەنگە کەمەندکێشی ئەو سۆزە بێ کە بۆ ئاسۆی هەیە، بەڵام چونکە

کوڕە چەندان ساڵ لەو بچووکترە، ئیدی ئەو جیاوازییەی تەمەن ڕێی ئەوەیان ناداتێ هاوسەری بکەن. ڕەنگە هۆیەکەیشی بەتەمەنداچوونی زوڵەیخا و پەیوەستی بێ بە خزمەتکردنی دایکە پیرەکەی. جاری دووەمیشیان بەلای پترێ لەو هەوەسەوەیە کە گینگڵی پێ دەدا، ئەوەش لەو قسەیەیدا دەردەکەوێ کە بۆ ئەلماسی دەکا و دەڵێ: پێم وانییە ئەو پیاوە لەبەر خاتری من بێتە ئێرە، ڕەنگە مەبەستێکی دیکەی هەبێ.

سێیەم دەربڕینیش «ئەی بە نەفرەت بی زوڵەیخا» سێ جاران دووبارەدەبێتەوە. جاری یەکەمیان لەسەر زاری ئاسۆ دەگوترێ، چونکە سەرجێی لەگەڵ زوڵەیخادا کردووە و ڕستێک فیشەکی سپیی کەوتووەتە ناو هەردوودەستی و ئیدی شەرم لەوەی دەکا بچێتە بەردەمی زوڵەیخا و دایکی، چونکە پێی وایە دایکی زوڵەیخا داوای لێ دەکا باسی ئەو پێوەندییەی نێوانیانی بۆ بکا. جاری دووەمیشیان ئەو کاتەیە کە ئاسۆ خەریکە خۆی بتەقێنێتەوە، ژنێک هەوەسی دەبزوێنێ و ئەویش قسەکەی دەکا و دەڵێ: بە نەفرەت بی زوڵەیخا.

* **فرەدەنگییەکان:** ئەو ڕۆمانە کە لە یازدە بەش پێک دێ، حەوت بەشی بەراییان بە گێڕانەوەیەکی بابەتییانە دەست پێ دەکەن، بەشی هەشتەمی بە گێڕانەوەیەکی زاتییە و لەسەر زاری فوئادەوەیە، پاشان لە بەشی نۆیەمی دێتەوە سەر گێڕانەوەی بابەتی و یەکەی دەیەمیش گەڕانەوە سەر گێڕانەوەی زاتییە و ئەو جارەیان لەسەر زمانی ئاسۆیە لە بەشی یازدەم و کۆتایی دێتەوە سەر گێڕانەوەی بابەتی، بەڵام مانای وا نییە گێڕەرەوەی لەجیاتی نووسەر قسان دەکا، تەنیا مافی دەربڕینی دابێتە ئەو دوو کەسایەتییە، کە باوک و کوڕەکەن، چونکە دەکرێ بڵێین زۆربەی کەسایەتییەکان ئەو هەلەیان دراوەتێ، بۆیە ئەگەر فوئادی باوک و ئاسۆی کوڕ دوو کەسایەتییە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکە بن، ئەوە کەسایەتیی زوڵەیخا، لەبەر ئەو ڕۆڵەی لە گۆڕینی ئاراستە و ڕێوانی ژیانی ئاسۆیدا دیتووە، هێندەی ئەوان دیارە و خەریکە بۆ بوونە کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە دێتە ڕیزی ئەو دووەی. لە بەرانبەریشدا، کەسایەتیی لاوەکی هەن، بەڵام دەنگی تایبەتیی خۆیان هەیە، بۆنموونە وەک کەسایەتی ئەلماس و یەڵدز و عەبدوڵلا ئەفەندی، هەرچی کەسایەتییەکانی وەک هیوا و دایکی یەڵدز و زۆربەی کەسایەتیی کەسە دیلەکانی ناو بەندیخانەکانی ئێرانن، هەموویان کەسایەتیی پەراوێزین.

وەک چۆن ڕۆمانەکە ڕەهەند و ئیستێتیکایەکی خۆی وەرگرتووە، گۆڕانی ناوی ئاسۆش بۆ زەینەڵ و لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، هەمان ئیستێتیکای وەرگرتووە، چونکە کەسایەتیی هیوا، ئەگەرچی ئامانج و مەبەستی سەرەکیی نووسینی ئەو ڕۆمانەیە، تەنیا لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێ.

**تێبینی:** ئەو ڕۆمانە بە زمانی کوردی نووسراوە و «جومعە جەباری» کردوویەتییە عەرەبی.

**تێبینییەکی دیکەش:** چونکە ئەو نووسینە لەبارەی ڕۆمانەکەوە بە عەرەبی نووسراوە و سوود لە دەقە عەرەبییەکە وەرگیراوە، لە وەرگێڕانەکەدا هەوڵم دا دەقە وەرگیراوەکان لەناو دەقە کوردییەکەدا لە جێی خۆیان دانێمەوە.

**پەراوێز:**

**(١) کاک سەباح هرمز لێرە سەرچێغ چووە، یەڵدز خۆشەویستی یەکەمی فوئادە و ژنی دووەمیەتی.**

**سەرنج: ئەم بابەتە بە تایبەتی بۆ گۆڤاری ڕامان نووسراوە.**